# بە گوێرەی دەفتەری بیرەوەرییەکانی گەورەکچێك

نووسین: ئانتوان چۆخۆف

و: کامیل نەجاڕی

سێزدەی ئۆکتۆبر: سەرئەنجام بەختی منیش وەخەبەر هات. دەیبینم و ناتوانم بڕوای پێ بکەم. لە ژێر پەنجەرەکانی ژوورەکەم لاوێکی باڵابەرز، بەژن ڕێك، ئەسمەر و چاوڕەش خەریکە پیاسە دەکات. سمێڵەکانی بێ وێنەن. بەڕۆوە ئەوا پێنج ڕۆژە کە لە بەری بەیانییەوە تا تا ئێواری لەوێ دێت و دەچێ و چاو لە ماڵی ئێمە هەڵناگرێ. من وا م پێشان داوە کە گرینگی پێ نادەم.

پازدەی ئۆکتۆبر: ئەوڕۆ لە بەیانییەوە باران دەباری بەڵام ئەو فەقیرە هەر لەوێ پیاسە دەکات. بۆ ڕێز گرتن لەو هەموو فیداکارییەی، چاوەکانم بۆ خومار کرد و ماچێکم بۆ هاویشت. بزەیەکی دڵڕفێنی پێشکەش کردم. دەبێ کێ بێ؟ خوشکەکەم واریا دەڵێ کە کابرا بۆ ئەو لێدراوە و سەبارەت بەوە کە لە ژێر ئەو بارانە دا دەخووسێ. بە راستی کە ئەو خوشکەی من چەندە گەوجە. ئاخر لە کوێ بینراوە پیاوێکی ئەسمەر عاشقی ژنێکی ئەسمەر ببێ؟ دایکم رایسپاردین جوانترین جلەکانمان لەبەر بکەین و لە پشت پەنجەرەکە دابنیشین. دەیکوت: "ئەگەرچی ڕەنگە مرۆڤێکی دەغەڵ و ساختەچی بێ بەڵام کێ دەزانێ. ڕەنگە کەسێکی باشیش بێ". ساختە چی! ... تو شەرەف ئەوەش بوو بە قسە؟!... دایە گیان بەراستی ژنێکی گەمژەی.

شازدەی ئۆکتۆبر: واریا دەڵێ من ژیانی ئەوم شێواندووە. ئەڵێی خەتای منە کە "ئەو"، منی خۆش دەوێ نەك واریا! زۆر بە ئەسپایی و لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە نووسراوەیەکم بۆ خستە ناو کۆڵان. ئای کە چەندە فێڵەزانە. بە گەچێك لەسەر قۆڵی کراسەکەی نووسی: "ئێستا نا". پاشان پیاسەی کرد و پیاسەی کرد و هەر بە هەمان گەچ لەسەر دیواری بەرامبەر نووسی: "دژایەتییەکم نییە بەڵام با بمێنێ بۆ دوایی" و هەر خێراش نووسراوەکەی سڕیەوە. نازانم بۆ دڵم بە توندی لێدەدا.

حەڤدەی ئۆکتۆبر: واریا ئانیشکی کوتایە سەر تەختی سینگم. کچەتیوەی هیچ و پووچی ئێرەییبەری نەفرەتبار. ئەمڕۆ "ئەو"، ماوەیەك لەگەڵ پۆلیسێکدا قسەی کرد و چەندین جار ئاماژەی بەرەولای پەنجەرەی ماڵی ئێمە کرد. وادیارە پیلانێکی بە دەستەوەیە. ڕەنگە خەریکە پۆلیسەکە هەڵدەخەڵەتێنێ!... بەراستی پیاوگەل، زاڵم و کەڵەگا و لەهەمانکاتیشدا فێڵەزان و سەرسوڕهێنەر و دڵڕفێنن.

هەژدەی ئۆکتۆبر: سریوژای برام، پاش ماوەیەکی درێژ دیار نەبوون، دوێنێ شەو هاتەوە ماڵێ. بەر لەوەی دەرفەتی ئەوەی هەبێ بخەوێ، لە بنکەی پۆلیسی گەڕەکەکەمانەوە بانگ کرا.

نۆزدەی ئۆکتۆبر: بێشەرەف! خوێڕیی نەفرەتبار! ئەو بێشەرمە لە 12 ڕۆژی ڕابردوو دا لە کەمین دابوو بۆ ئەوەی براکەم، کە پارەیەکی دزیبوو و هەڵاتبوو، قۆڵبەست بکا.

"ئەو" ئەمڕۆ هات و لەسەر دیواری بەرامبەر نووسی: "من ئازادم و ئێستا دەتوانم". حەیوانی گڵاو!... زمانم دەرهێنا و دەمەلاسکەم لێ کرد.